# لە کوردستان سازکردنی کۆنسێرت بەرەو مردن دەچێت

**گۆرانیبێژێک "لە ساز کردنی کۆنسێرتدا مۆزیکژەنەکان خۆیان بە گەورە دەزانن، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەنەوە زۆر بچووکن"**

ئا : پشتیوان جەمال

ماوەی چەند ساڵێکە لە شارەکانی کوردستان سازکردنی کۆنسێرتی گۆرانی، لەلایەن گۆرانیبێژەکانەوە رووی لە کەمبوون کردووە و گۆرانیبێژەکانیش فاکتەرە سەرەکییەکانی مردنی کۆنسێرت دەگەڕێننەوە بۆ(نەبوونی هۆڵێکی باش و گەورە و نەبوونی ئەندازیاری دەنگ و کۆنەکردنەوەی مۆزیکژەنەکان).

هەرچەندە ئێستا لە شاری سلێمانی و هەولێر چەند هۆڵێکی گێرانی کۆنسێرت هەیە، بەڵام هێشتا گۆرانیبێژەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەو هۆڵانە بچووکن و توانای لە باوەشگرتنی رێژەیەکی زۆری خەڵکیان نییە.

ماهیر حەمە ئەمینی گۆرانیبێژ لە شاری هەولێر، سازکردنی کۆنسێرت بۆ گۆرانیبێژی کورد بە کارێکی قورس دەبینێتو ئەوەش بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێنێتەوە کە بەرای ئەو، نەبوونی توانای(گوتن)لەلایەن گۆرانیبێژە کوردەکانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، وایکردووە کە ئەو توانایەیان کەم بێتو بۆچوونیشی وایە کە نەبوونی ئەو توانایە لای گۆرانیبێژەکان بەهۆی ئەوەوەیە کە بە بەردەوامی راهێنان ناکەن، چونکە وەك ماهیر ئاماژەی پێدا گۆرانیبێژەکانی کوردستان سەرەرای کارەکەی خۆیان رۆژانە بە چەندین کاری دیکەشەوە سەرقاڵن.

ئەم گۆرانیبێژە ئەوەش دەخاتە روو کە خەڵکی کوردستان لەسەر ئەوە رانەهاتوون بتوانن بلیتی کۆنسێرت بکرن تا گۆرانیبێژەکە بتوانێت بەو پارەیەی دەستی دەکەوێتەوە کرێی مۆزیکژەنەکان و ئامێرەکانی دەنگ و هۆڵ و پێداویستییەکانیتر پڕ بکاتەوە.



ناوبراو درێژەی بە قسەکانیداو پێیوایە کە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنیش ئامادەنین کە پەخشی کۆنسێرتی ئەو گۆرانیبێژانە بکرنەوە، بەڵام بەلای ماهیرەوە ئەم کێشانە تازە نین و وەك خۆی باسیکرد پێش چەندین ساڵیش لەمەوپێش ئەم کێشانە هەر هەبوون و چارەسەر نەکراون، بۆیە ئەو، نموونەی وڵاتانی دەرەوە دەهێنێتەوە کە بە نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم کارەکانیان لە رووی هۆڵ و پێداویستییەکانی ترەوە ئامادە دەکەن.

بۆچوونی بەشێکی تری گۆرانیبێژەکان لەمەر کەمبوونەوەی کۆنسێرت ئەوەیە، کە کورد گوێگری کۆنسێرتی کەمە، لەو رووەوە گۆرانیبێژ نەریمانی بابان ئەم رایە پشتراست دەکاتەوە"کۆنسێرتکردن پێویستی بەوە هەیە کە گوێگری هەبێت، بەڵام هەست دەکەین کە ئێستا ئەو گوێگرە زۆر دەگمەنە".

وەك زۆربەی گۆرانیبێژەکانیتری هاوەڵی نەریمانیش، نەبوونی پارەیەکی باش بۆ کۆنسێرت بە فاکتەرێکی تر ناودەبات"ئەگەر پارەیەکی زۆرت پێنەبێت، ناتوانێت کۆنسێرت بکەیت، ئەمانە هەمووی هۆکارن کەوایکردووە سازکردنی کۆنسێرت روو لە کەمبوون بکات".

ئیسماعیل سابووری گۆرانیبێژ ماوەی چەند ساڵێکە لە کوردستان ژیان دەباتە سەر و تا ئێستاش کۆنسێرتی ساز نەکردووە، بەڵام ئەو، راستەوخۆ دەپەرێتەوە بۆ باسکردنی مۆزیکژەنەکان و ئەوان بە فاکتەری یەکەمی کێشەکان دەزانێت و رووندەکاتەوە کە کۆنەبوونەوەی مۆزیکژەنەکان وایکردووە کە وەك ساڵان کۆنسێرت ساز نەکرێت"مۆزیکژەنەکان خۆیان بە گەورە دەزانن، کە ئەوە فیکرێکی زۆر هەڵەیە و ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەنەوە زۆر بچووکن".

هەر ئەو خاڵەشە وای لە سابووری کردووە کە دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان حەز نەکات کۆنسێرت ساز بکات"هەندێك لە مۆزیکژەنەکان توانای ئەوەیان نییە کە گۆرانیبێژ بتوانێت کۆنسێرتیان لەگەڵ ساز بکات".



ئەو، نەبوونی کەسی پسپۆر و شارەزا بە کاری دیکۆرات و گرنگی نەدانی دەزگاکانی راگەیاندنیش بۆ سازکردنی کۆنسێرت بۆ گۆرانیبێژ، بە کەموکورییەکی تر دەزانێت"ئەگەر گۆرانیبێژ ئەو کارانەی بۆ فەراهەم بکرێت، ئەوا دەتوانێت کۆنسێرت بکات".

سابوریش هەمان رای ماهیری هەیە و پێیوایە هەر کاتێك گوێگری مۆزیك و گۆرانی توانیان لە هۆڵەکاندا بۆ گوێگرتن لە کۆنسێرتەکاندا دابنیشن، ئەو کاتە دەتوانرێت کۆنسێرت ساز بکرێت.

بەپێچەوانەی رای ئەو گۆرانیبێژانەوە، گۆرانیبێژ رۆژ کەریم بەو پێیەی ماوەی چەند ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات دەژی پێیوایە کە ئەم ئاهەنگانەی گۆرانیبێژە کوردەکان لە کوردستان و تەنانەت لە دەرەوەش دەیکەن ناچێتە قاڵبی(کۆنسێرت)"ئەمانە پێیان دەوترێت شەو ئاهەنگ"، چونکە وەك رۆژ، ئاماژەی بۆ کرد کۆنسێرت پێویستی بە ژەنیاری زۆر و گوێگری تایبەت و تەنانەت جلوبەرگی تایبەتیشە"دەبێت ئێمە بتوانین لەمەودوا لە سازکردنی کۆنسێرتدا داهێنان بکەین".

لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ لەلایەن کەناڵی کوردسات و هەردوو ئۆرکێسترای ژێداری سلێمانی و ئۆرکێسترای سەمفۆنیای عێراقی، لە هۆڵی یانەی پێشمەرگە لە شاری سلێمانی کۆنسێرتێکی گەورە بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەدنان کەریم سازکرا، بەڵام گۆرانیبێژێك کە پێی باشبوو ناوی نەهێنرێت ئەو کارەی بە لاواز وەسفکرد و وتی: "لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ کاك عەدنان کەریم کە هونەرمەندێکی لێهاتووە، بەڵام بەراستی ئەوە کۆنسێرتێکی سەرکەوتوو نەبوو، چونکە نە هۆڵەکە هۆڵی کۆنسێرت بوو، نە خەڵکەکەش خەڵکی کۆنسێرت بوون".

زۆرێکی تریش لە هونەرمەندانی کوردستان پێیانوایە ئەو گۆرانیبێژانەی لە دەرەوە دێنەوە ئەوەندەی بە چاوپێکەوتنی کەناڵەکانەوە سەرقاڵن ئەوەندە بیر لە سازکردنی کۆنسێرت ناکەنەوە.

گۆرانیبێژ سامان عومەر، وێرای پشتڕاستکردنەوەی ئەو قسانە، ئەوەشی خستەروو کە ئەو گۆرانیبێژانەی لە دەرەوە دێنەوە دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن بەبیانووی(نەمانی کات) پاساو بۆ سازنەکردنی کۆنسێرت دەهێننەوە.

ناوبراو ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە خەریکە ئەو گۆرانیبێژانەش کە لەناوەوەی وڵاتن بەرەو وڵاتانی دەرەوە دەڕۆن و کۆنسێرت سازدەکەن، بەڵام سامان ئەوەش ناشارێتەوە کە نەبوونی هۆڵێکی باش لە کوردستان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ساز نەکردنی کۆنسێرت.

پێدەچێت کردنەوەی چەند هۆڵێکی گەورە لە کوردستان و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییە سەرەکییەکانی سازکردنی کۆنسێرت، کۆتایی بە بیانووی گۆرانیبێژەکان بهێنێت و جارێکی تر بتوانێت خەڵك بۆ کۆنسێرتەکان رابکێشێتەوە و کۆنسێرتیش لە هەڕەشەی ئیزرائیلی مردن دەرباز بکات.

